# هۆنراوەی تۆماس ترانسترۆمر Tomas Tranströmer

**ڕەحمان سۆفی لە سوێدییەوە کردویە بە کوردی**

**پێشەکی**

لە کاتێکدا کە خەریکی وەرگێرانی هۆنراوەکانی تۆماس ترانسترۆمر بووم، پێوە بووم هەردەم کاری وەرگانەکەم تەواو کرد؛ پێناسەێک دەربارەی خودی خۆیەوە بنووسم. بەڵام داخەکەم فریا نەکەوتم شتک بنووسم، مەرگ بەربینگی پێگرت. کاتێک لە شاشەی «تێ ڤێ»هەواڵم بیست کە تۆماس ترانسترۆمر بۆ یەکجاری چاوی لێکناوە، بۆ ئاگاداری ئەم چەن دێرەم نووسی و لە بەرلاپەڕەی فەیسبووک دامنا.

«بە داخکی گرانەوە تۆماس ترانسترۆمر ڕۆژی پێنج شەممە ٢٦ مانگی مارسی ٢٠١٥ لە تەمەنی ٨٣ دا ماڵاوایی لە ژیان و دنیای ئەدەبیان کرد»

دیسان لەبەر سەرقاڵی خۆم و تەنگ و چەڵەمەی ژیانی ئاسایی نەمپەرژاوە دەربارەی بنووسم. تا واهات کە ئێوارەیەک مامۆستا **یونس ڕەزایی** کورتە پەیامێکی لە سەر فەیسبووک بۆ دانا بووم و ئەم داواکارییەی نووسی بوو

«نەشرییەیەک لیرە دەردەچێ بە تەمام دوو لە وەرگێراوەکانتی تێدا چاپ کەم. ئەگەر نووسینکی کورتیش بێ لە بارەی ترانستۆمرەوە زۆر باش دەبێ»

بە پێی بەڵێنی خۆم و داواکەی مامۆستا یونسی ڕەزایی ئەم کورتە نووسراوەیە دەربارەی **هۆنەر، نووسەر و وەرگێری سوێدی «تۆماس ترانسترۆمر» «براوەی خەلاتی نۆبل»** دەنێرمە خزمەت خوێنەری کورد زمان.

**Tomas Tranströmer** «١٩٣١ - ٢٠١٥» بەرهەم و کۆرپەی خۆشەویستی باخچەی ژیانی هاوبەشی tranströmer Gösta «١٩٠١–١٩٧٧» و Helmy Westerberg «١٨٩٨–١٩٦٩» بوو. دایک و باوکی تۆماس بە خۆشەویستی و حەز و ڕەزامەندی خۆیان، زەماوەند دەکەن. کەچی پێکەوە هەڵناکەن، بە ناچار لێک جیا دەبنەوە. دوای جیا بوونەوە و لێک دابرانی دایک و باب، تۆماس خۆی دەنووسێ: بە هەڵکەوت باوکی خۆی دەبینێ. با ئەوەش بڵێین کە هەم ماڵباتی باوان و هەم خانەوادەی خاڵوانی، تۆماس هەر دوولایان سەر بە چنینی وردە بۆرژوازی نیشتەجی شاری گەور و پایتەختی سوێد، ستۆکهولم بوون.

باوکی تۆماس یانی یوستا، وەک دەڵێن، بیرمەندی سەردەمی خۆی و ڕۆژنامەنووس بووە. بۆ نمونە ئەم گۆڤاراه و هەفتەنامەیە بە ناوی ستۆکهۆلم ژۆرنال « veckojournalen i Stockholm» هەروەها گۆڤاری وەرزی بە ناوی وەرزنامەی هەوای ئازاد « Friluft tidskriften» لە ژێر چاوەدری ئەودا دەرچوون و بڵاو بوونەتەوە.

دایکی تۆماس ترانسترۆمر مامۆستای قوتابخانە بووە. بە مووچەی مامۆستایەتی ژیانی خۆی و تۆماسی دابین کردووە. تۆماس خۆی نووسیویە کە دایکی لە ستۆکهۆلم Stockholm لە گەڕەکی ئۆسترمالم Östermalm لە باڵەخانەیکدا نهۆمی پەنجمی بەکرێ گرتووە و لەگەڵ تۆماس تێدا حەساونەتەوە. بەڵام هاوینان بۆ پشوودان و حەسانەوە چوونەتەوەماڵی باوکی دایکی تۆماس، باوەگەورەی تۆماس یانی کارل هێلمر وێستبری Carl Helmer westerberg، وەک دەڵێن دەریاوانکی لێهاتوو بووە، پاپۆڕ و گەلەگەمی بە فەرمانی ئەو لە لەنگەرگەکانی ستۆکهۆلم هاتوچۆیان کردووە. کارل لە دوورگەگەلی نزیکی ستۆکهۆلم، لە دوورگەی رونمارئۆێ «Runmarö» نیشتەجێ بووە. وەکوو دەڵێن بیری منداڵی تیژە. لە هۆنراوەکانی تۆماس ترانسترۆمردا، بیرەوەری ئەو دوورگەیە بە ڕوونی ڕەنگ ئەداتەوە. دوورگە، دەریا، پاپۆڕ، گەلەگەمی، ماسی، ماسیخۆرە، پەپوولە و سیسرک لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بە خوێندنەوەی نووسراوەکانی خۆی، و ئەوەی کە کەسانی دەی لە سەریان نووسیوە، ئاشکرا، بۆمان دەردەکەوێ کە تۆماس هەر لە منداڵیەوە خولیای زانست و هونەر بووە. وەک خۆی نووسیویەتی هاوینان کە بۆ پشووی هاوین چوونەتەوە دووگەی روونمارئۆ «Runmarö» لە نێو گژوگیادا دەگەڕام و گەناوەرم «insecta» ڕاو دەکرد. بە تایبەت پەپوولە و سیسرکم دەگرت و دەمکی درژ چاوم تێدەبرین و دەم خوێندنەوە. پەپوولە جوانی سروشتی نیشان دام و سیسرکیش موزیکی فێر کردم.

تۆماس ٥ ـ ٦ ساڵانە دەبێ کە دەینێرنە خوێندنگەی گەلی folkskola هەڵبەتە بەرلەوەی بینێرنە خوێندنگە دایکی لە ماڵەوە ئەلف و بێ و خوێندنەوە و نووسینی فێرکرد بوو. دوای دەورەی سەرەتایی، دەیگوێزنەوە بۆ خوێندنگەی Realskola یانی مەدرەسەی ڕانمایی. دوای تەواو کردنی ئەو خولەش دەچێتە خوێندنگەی پلەی باڵاتر، یانی دەبیرەستانی لاتینSödra Latins Läroverk) بە سەرکەوتوویی دەبیرستان تەواو دەکا و دیپلۆم وەردەگرێ. تۆماس لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا لە زانستگەی ستۆکهۆلم Stockholms Universitet لە بەشی ئەدەبیات و زمانی لاتین وەردەگیرێ. ئەو بەشەش تەواو دەکا و هاوکات لە بەشی دەروونناسی، کارنامەی خوێندنی ئاکادەمی وەردەگرێ. لە زانستگەی ستۆکهۆلم لە بەشی لێکۆڵینەوەی دەروونناسی دادەمەزرێ. هەر لەو ساڵەشدا لەگەڵ مۆنیکا بلاد Monica baldh زەماوەند دەکن. بەرهەمی ژیانی هاوبەشی تۆماس و مۆنیکا، دوو کچن. کچە گەورەکەیان ئێما Emma ئێستا وەکوو کارزانی مووزیک و گۆرانیبێژی ئۆرکێسترا چالاکی هونەرییە. کچە چکۆلەکەشی ناویی پاولینا Paulina یە، و خەریکی کاری هونەرییە.

تۆماس ترانسترۆمر لە ساڵی ١٩٦٠ تەوە لە بەندیخانە، وەکوو ڕاوژکاری دووبارە پەروەردەی لاوانی نەگونجاو خزمەت دەکا. لە ساڵی ١٩٨٠ تاوە لە بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی کار کاردەکا. بەڵام، وەکوو دەڵێن کەس نازانی لە ماوەی ژیانیدا چی دێتە ڕێی و چی بەسەر دێی، تۆماس لە ساڵی ١٩٩٠ دا تووشی سەکتەی مشکی یان خوێنڕێژی مشکی دەبێ. لە دوای ئەوە، کەنەفت دەکەوێ و گرفتاری زمان پەرێشانی دەبێ. تا ئەو ڕادەیە کە لە زمان دەکەوێ.

**چالاکی ئەدەبی**

کاری هۆنەری تۆماس ترانسترۆمر لە ساڵی ١٩٥٤ ڕەوە بە جیدی دەسپێ دەکا. هەوەڵین دەفتەری هۆنراوەی بە ناوی حەڤدە هۆنراوە «17 Dikter» چاپ و بڵاو دەبێتەوە. بڵاو بوونەوەی ئەم کتێبە دەبێتە جێگای سەرنجی نووسەران، هۆنەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی. ڕەخنەی لە سەر دەنووسرێ و سەنگ و سووک دەکرێ. دوایین هۆنراوەشی بە ناوی «مەتەڵی مەزن» لە ساڵی ٢٠٠٤ دا دەگاتە دەستی هۆنەر دۆستان. بەو کەنەفتییەش واز لە هۆنراوە نووسین ناهێنێ، بەڵام بە نووسینی هایکۆ، کە کورت و پوختەیە دڵی خۆی ڕازی دەکا. هەڵبەتە لە نێوان چاپ و بڵاو بوونەوەی ئەو دوو کتێبەدا دەیان کۆپلە کۆهۆنراوە و کتێبی دیکەی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. تا ئێستا سەرجەم ١٤ کتێبی کۆهۆنراوە و پەخشانەکانی بە شێوەیکی ڕێکوپێک بەم ناونیشانە samlade dikter och prosa چاپ و بڵاو بووەتەوە. دیارە هەر لەو ساڵانەی چالاکی ئەدەبیدا، هۆنراوەی هۆنەرانی نوێ خوازی جیهانی دەکاتە سوێدی. بۆ نموونە ڕۆبرت بلای (Robrt Bly) هۆنەری ئەمریکایی کە پەیوەندی دۆستانەیان پێکەوە هەبووە. دیارە ڕۆبرت بلایش هۆنراوەی تۆماسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیسی ئەمریکایی

**تایبەتمەندی هۆنراوەی تۆماس**

تۆماس ترانسترۆمر یەکێکە لە هۆنەرە نوێخواز و مۆدێرنەکانی سوێد و جیهانی لە سەدەی بیستەمدا. تایبەتمەندی هۆنراوەی تۆماس لەوەدایە کە ئەو سەبک یان ستایلی تایبەت و سەربەخۆی، خۆیی هەیە. هۆنراوەی تۆماس، بە ڕواڵەت ساکار دەنە بەرچاو. کەچی ئەگەر وردبینەوە لەگەڵ چەن لایەنە بوونی هۆنراوەکان ئاشنا دەبین. یان وەکوو ڕەخنەگران دەڵێن هۆنراوەی تۆماس نەهێنیکی سادە و سروشتی، لە نێوەرۆکی خویدا شاردوەتەوە. کەچی پەیامکی پێیە کە لە ناخی خوێنەردا جگیر دەبێ. تۆماس گوێ ناداتە کێش و سەروای هۆنراوە. ئەو هۆنراوەی تغزەلی وەلا دەنێ. نێوەرۆکی هۆنراوەکانی ئەوەیە کە لە ڕێگای بە کارگیری مێتافۆڕەوە، پەیوەندی نوان دنیای دەروونی مرۆڤ لەگەڵ دنیای دەرەوەیی پێکدێنێ. ڕەنگە ئەزموونی کاری تۆماس وەکوو دەرونناس، بووبێتەی هۆی ئەوە، دەیەوێ حەز و سۆزی مرۆڤ بۆلای مرۆڤ خۆی، و سروشتی و ئەشیا ڕادەکێشێ.

کاتێک کە خەڵاتی نۆبلیان دایە بەرپرسی بەشی ئەدەبی کومێتەی نۆبل پێتر ئێنگلوند Peter Englund ئاوای ڕاگەیاند:«ئەنگیزەی ئەوەی کە خەڵاتی ئەدەبی نۆبل دەدرێ بە تۆماس ترانستۆمر، ئەوەیە کە تۆماس لە هۆنراوەکانیدا بە شێوەیکی چڕو وتێکچڕژاو و ڕوون و شەفاف، ڕوانگەیکی نوێ لەپش چاوی ئێمە نیشان ئەدا بۆ بینینی ڕاستی ژیان»

**تۆماس و موزیک**

وەکوو دەڵێن تۆماس هەر لە منداڵییەوە خولیای مووزیکی لە سەردا بووە. کاڵکاڵی موزیکی لە دەروونیدا هەبووە. دیارە دەچتە فێرگەی مووزیک و هەوڵی فێربوونی داوە. تۆماس پیانیستێکی لێزان و لێ هاتوو بوو. دوای ئەوەی کە کەنەفتیش دەبێ و دەستی ڕاستی لە کار دەکەوێ. کەچی بە چپ دەستیش پیانۆ لێ دەدا. لە شەوی جەژنی نۆبێلدا، بە تەنیا دەستی چپ پیانۆنەوازیکی بە ڕێ وجێی کرد. زۆریەک لە ئاهەنگسازەکانی خۆیی و دەرەوەیی لەسەر هۆنراوەی تۆماس ئاهەنگی مووزیکی کلاسیک و جازیان داناوە. هەر لە ساڵی ٢٠١١ دا

کە خەڵاتی نۆبێلی پێ دەبەخشرێ. ئەندامەتی شانازی کۆڕی مووزیکی ئاکادمیای پاشایەتی‌شی پێ دەدرێ. ئەنگیزەی بە ئەندام کردنی تۆماس ئەوە بووە کە کەمتر هۆنەرێکی هاوسەردەم توانیویەتی هاودەنگی و خزمایەتی هۆنراوە و مووزیک بەو شێوەویە لە یەکدی نزیک بکاتەوە. تۆماس دەیان خەڵاتی ئەدەبی و هونەری و چالاکی مووزیکی خەڵات کراوە، لە هەمووشیان گرینگتر و باڵاتر خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلە کە تۆماسی کردوەتە کەسایەتێکی جیهانی.

ئەنگیزەی من چی بوو کە هۆنراوەکانی تۆماس ترانسترۆمر بەکەم بە کوردی؟ ئێوارەی ١٠ مانگی دێسامبر ٢٠١١ ڕوو لە شاشەی «تێ ڤێ» دانیشتبووم و بە کاناڵەکاندا گەڕام تاکەوتم بەسەر کاناڵی یەکی تێ ڤێ سوێدا، تەماشام دەکرد، پرۆگراڕم دابەشکردنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی نیشان ئەدا. ئەو کەسانەی کەوا بانگ دەکران بۆ ئەوەی کە خەڵاتەکیان لە دەستی شای سوێد کارڵ گوستاوی ١٦ «Carl XVI Gustaf» وەرگرن لە خزمەت شادا قەفێکی تەواو دەچەمانەوە. نۆبەی تۆماس ترانسترۆمر هات. پێم سەیر بوو کە شای سوێد قەفک بۆلای ئەو چەماوە. مدالیا و نەقشوێنەی ئاڵفرێد نۆبێلی دا دەست تۆماس و ماچی کرد. بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم شادمانییکی لە ڕادە بەدەر لە گیانمدا شەپۆلی دا. چوومە ماڵی ئەندێشەوە، لەگەڵ زەینی خۆم ڕاوژم کرد. من زۆر جار لە ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەدەبی سوێدی دا هۆنراوەی تۆماس ترانسترۆمرم خوێندبووەوە. بەڵام ئەنگیزەم نەبوو کە هۆنراوەکانی وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی. کەچی ئەو سەهنەیەی ئەو ئێوارەیە بووە ئەنگیزە. بەڕاستی تەواو هەژاندمی. بۆ بەیانی چوومە کتێبفرۆشی و سەرجەم کتێبە چاپ کراوەکانی تۆماس ترانسترۆمرم کڕی. ئێستا ئێواران و شەوانە، دوای کار و ئەرکی ڕۆژانە، لە گۆشەیکی وەتاقەکەمدا دادەنیشم ئەهۆن و لە سەرخۆ هۆنراوەکان دەخوێنەوە. هەر هۆنراوەیکم بەدڵبێ و گیانم بهەژێنێ دیاری دەکەم. دوایە دەگەڕمەوە سەری، لە زەینمدا هەلاجی دەکەم و دەیهنمە سەر کاغەز. جا، چی لێ دەکەوتەوە، ئاکامی چۆن دەبێ با خوێنەر خۆی سەر پشک بێ. تا ئێستا، پێمکراوە کۆپلەیکی هەڵبژاردە لە هۆنراوەکانی ڕاستە وخۆ لە سوێدییەوە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی. جا، خوێنەر یان ڕەخنەگری کورد زمان چۆنی تێدەگەن و چۆنی لێکدەدەنەوە دیارە کە خۆیان سەرپشکن.

تۆماس ترانسترۆمر خۆی ڕای وایە کە هۆنراوە لە وەرگێڕاندا دەدۆڕنیێ. چونکە کەرەسەی سەرەکی هۆنراوە زمانە. هەر زمانێکیش تایبەتمەندی خۆی لە فەرهەنگی خۆی وەردەگرێ. هۆنراوە لە زمانکەوە ڕاگوێزان بۆ زمانکی دیکە، هۆنراوەیکی نوێ یان مەتنکی نوێ پێکدێنێ. هونەری وەرگێڕ لەوەدایە کە لە ڕەسەنایەتی زمانی زگماکی دوور نەکەوتەوە. هۆنراوە وەرگێڕان هەر ئەوە نییە کە لە زمانێکەوە ڕاگوێزرێ، بەڵکوو ئەوەیە کە بە فۆڕم و زمانێکی دیکە نێوەرۆکی بەخرێتە بەر چاوی خوێنەری زمانی مەبەست.هیوادارم کە توانیبێتم ئەم ئەرکە گرانەم بە جوانی بە ئەنجام گەیاندبێ. جا، با بزانین هۆنراوەکان خۆیان چۆن دەدوێن.

ئەو زانیاریانەی کە لە بارەی تۆماس ترانسترۆمرەوە، لێرەدا نووسراوە لە سەرچاوی نووسراوەکانی تۆماس خۆی و ئەوەی کەسانی دەیکە نووسیویانە وەگیراوە.

## پێرست — لاپەڕە

١- پێشەکی................................ 8
٢ - تۆفان................................ 10
٣ - ئێوارە - بەیانی................................ 11
٤ - بۆڕ مووزیکی خاوەژێ................................ 12
٥ - چیرۆکی گەمییەوان................................ 13
٦ - ڕامانێکی تووڕە................................ 15
٧ – بەردەکان................................ 16
٨ - پەیوەندی................................ 17
٩- بەیان و هاتن................................ 18
١٠ - خوری کەپۆی گەمی................................ 19
١١ - ڕۆژ و شەو ئاوەژوو................................ 20
١٢ - خانووی سوێدی................................ 21
١٣- گۆرانی بانان................................ 23
١٤ - تابلۆی کەشوهەوا................................ 24
١٥ - نەهێنی لەڕێدا................................ 25
١٦ - ڕێچکە - ڕێل................................ 26
١٧ - خوایە بەزەییک................................ 27
١٨ - دوای هێرشی فی................................ 28
١٩ - دوو دڵدار................................ 30
٢٠ - دار و ئاسمان................................ 31
٢١ - ڕوخسار بە ڕوخسار................................ 32
٢٢ - زایەڵەی زەنگۆڵە................................ 33
٢٣ - بە نێو دارستاندا................................ 34
٢٤ - خەزەڵوەری کاڵ................................ 35
٢٥- سەفەرێک................................ 36
٢٦ - هاوزەنگی زایەڵە................................ 38

٢٧– توانەوەی ..................................................................................................40
٢٨ - دوورگەکان ................................................................................................42
٢٩ - لە چیاوە.......................................................................................................44
٣٠ - کۆشکی جێماو ............................................................................................45
٣١ - لە دلتای «نیل» دا.........................................................................................47
٣٢- مەلەوانکی ڕەش سیما.....................................................................................49
٣٣ - ویرەویر و گازەندە ........................................................................................50
٣٤ - موزیکی گیانبزوێن..........................................................................................52
٣٥ - ئاسمانی نیوەتەواو .........................................................................................53
٣٦ - شەوێکی زستان ............................................................................................54
هەڵبژادەی زایەڵە و شوێنەوار ...............................................................................55
٣٧- لێکدانەوەی پۆرترەێک......................................................................................55
٣٨- لە یادداشتی ئەفریقاوە .....................................................................................57
٣٩ - لووتکە .........................................................................................................59
٤٠- ڕێسای زستان ...............................................................................................60
٤١ - پۆلی مەلی بەربەیان........................................................................................63
٤٢ – تەنیایی.........................................................................................................66
٤٣ - لە دەوروبەری کاردا .......................................................................................70
٤٤ - دوای مردنی کەسێک .......................................................................................73
٤٥ - هاوینی ڕووت ...............................................................................................75
٤٦. ڕێژنە بەسەر وڵاتەوە .......................................................................................76
٤٧. لە ژێر گوشاردا................................................................................................79
٤٨. وەتاقی کراوە، وەتاقێکی داخراو ...........................................................................81
٤٩. موزیکی ئەهۆن..................................................................................................83
٥٠ . چەن خولێک.....................................................................................................84
٥١. پشووی مانگی گەلاوێژ........................................................................................85
٥٢. لەگەڵ ڕووبار.....................................................................................................87
لێواری مەڵبەند ......................................................................................................90

# هەڵبژاردەیك لە حەڤدە هۆنراوە

## ١ـ پێشەکی

لە خەون ڕاپەڕین،
وەک بازدانی چەتربازێکە،
ڕزگار، لە گێژوخولی هەناسە بڕ.

گەڕۆک بەرەو بەیانێکی سەوز دادەگەڕێ.
شتگەل بڵێسەیان لێ هەڵدەستێ.
پیاو لەپلەی چەکاوەکی لەرزۆک،
لەنەزمی بەهێزی ڕیشەی دار،
لە گڵۆپی چەرخانی ژێرزەوی،
گوێی دەزرینگەێتەوە.

کەچی گەڕۆک لە سەر زەوی،
لە جەرەیانی لافاوی گەرمەسێریدا،
لە سەوزەڵانیدا،
بە باڵی ئاواڵەوە لە ترۆکدا وێستاوە،
و گوێی داوەتە ڕیتمی پۆمپخانەی نادیار.

پیاو بەرەو هاوین نووقم دەبێ
و لەزارکی گڕکانی سەرساماوە،
لە چاڵڕێگەی سەوزە شێداری تەمەنەوە،

لەرزۆک، لەژێر پرشنگی ڕۆژدا ڕۆدەچێ.
بەولەونە، لە چاوتروکانێکدا
کۆچی ئەستۆنی دەبڕێتەوە.

هەڵۆی دەریایی باڵ ئاواڵە،
بۆ حەسانەوە بەسەر لێشاوەوە
لە وەنەوزی چاخی برۆنزوە،
دەنگی پاونکراو،
بەسەر دەریای بێبنەوە هەڵواسراوە.

لە دەسپێکی ڕۆژدا،
هۆشیاری دەتوانی دنیا گیربێ
مینا دەستێک کە بەردی گەرمی خۆر بگوشێ.

ڕێبوار، لە ژێر شۆڕەبیدا وێستاوە
ئایا دەبێ دوای تێکشانی گێژەوەی مەرگ،
ڕووناکێکی بەتوژم بەڕوودا بکرێتەوە؟

## ٢ ـ تۆفان

لێرە، لە پێش قەڵایکی سەوز ڕەشدا

لە هەمبەر دەریای سێپێتەمبردا

لە پڕێکدا، گەڕۆک تووشی پیرەداربەڕوێک دەبێ

داربەڕوو چەشنی کەڵەکێوی بە بەرد بوو

بەتاجی بەرز و برینی سەریەوە

باکوور تۆفانی، و

وەرزی پێگەیشتنی ترشە گێوژە

هۆشیار زرمەی پۆلە ئەستێرە دەبیسێ

کە لە تاریکیدا،

بەسەر پۆپەی داربەڕوودا بەردەبنەوە.

## ٣ - ئێوارە - بەیانی

تیرەگی مانگ پواوە
بادەوەش چرچ و لۆچ بووە
مانگی خنکاو لەسەر ئاو دەلەرێتەوە.

تەختە سەکۆی چوارگۆشە،
قورس و ڕەش هەڵگەڕاوە
پەتی بەستنەوەش لە تاریکیدا دەڕزێ
لە دەرێ لە سەر پلیکانەکان،
لەسەر پەرژینی بەردە بۆری دەریا
کازیوە خۆدەکوتێ، و خۆدەکوتێ

ڕۆژ لە نزیکی دنیا پرشنگ داوێ
خواگەلی نیوە خنکاوی هاوین
لە دووکەڵی دەریادا بێمانا دەگەڕێن.

## ٤ - بۆڕ مووزیکی خاوەژێ

لە مەودای ئەهۆنی سووڕانەوەی سەقرێکدا،
دەریای خرۆشان دەگەوزێ بۆ ڕۆشنای.
کەف دەپڕمێنێ بۆ کەڕانە و کوێرانە،
هەوساری بەقەوزە بووی خۆی دەجوێ

تاریکی زەوی داپۆشیوە
شەمشەمەکوێرە ڕێباز دیاری دەکەن
سەقرەکە دەوێستێ و دەبێتە ئەستێرە
دەریای خرۆشان بەرەو پێش دەگەوزێ.
و کەف دەپڕمێنێ بۆ کەڕانە

## ٥ - چیرۆکی گەمییەوان

ڕۆژانی وشکەزستانی ئەوتۆ هەیە
ئەودەم داوێنێ چیا خزمی دەریایە
گرمۆڵە داپۆشراو بەرگی بۆزی بەفرەوە،
خولێکی کورتی لاژوەردی،
و ساتگەلی درێژ لەگەڵ شەپۆل،
وەکوو پشیلەکێوی ڕەنگپەڕیو
لە ڕۆخی خیزەڵانی،
بێهودە لە جێ پێ دەگەڕێ
لە ڕۆژێکی ئەوتۆدا
گەلەگەمی نوقم بووش،
لە دەریا دەردەکەون و
بە دوای خاوەنەکانیاندا دەگەڕێن.
خێویش لە جاڕخانەی شاردا داماون
مەلەوانگەلی خنکاویش
باریکتر لە دووکەڵی سەبیلە،
با دەیانهێنێ بۆ وشکانی

لە باکوور، پشیلەکێوی واقیعی
و پەنجەتیژ، بە چاوی پڕخولیاوە،

«لە باکوور، ئەوجێیە کە ڕۆژ،
هەم بەشەو هەم بەڕۆژ
لە کانی ژێرزەویدا دەژی

لەوێ تەنیا ئەوەی زیندووماوە،

بۆیەهەیە لە تەنیشت تریفەی باکووردانیشێ

و گوێیداتە مووزیکی سەهۆڵبەستەکان»

## ٦ - ڕامانێکی تووڕە

تۆفان هێز بە باڵی ئاش دەبەخشێ
کە کێویانە لە تاریکی شەودا بگەڕێ
و پووچی بهاڕێ
تۆش بە هەمان قانون بێدار ڕادەگیرێی
لامپای کزی بەرچاوت ژێرزگی قەشەی بۆرە

بیرەوەریکی تەماوی،
بۆ قووڵایی دەریا نوقم دەبێ
و لەوی، دەبێتە پەیکەرێکی نامۆ
قەوزەی سەوز گۆچانی دەستی تۆیە

ئەوکەسەی گەڕۆکی دەریا بێ
ڕەقەڵاتوو دەگەڕێتەوە.

## ٧ – بەردەکان

بەردەکانی کە فڕێماندان،
ساڵیانی ڕوونە گوێم لێیە بەربنەوە،
لە دۆڵەکەدا، کردارە سەرلێشێواوەکان،
لە چاوتروکانێکدا بە هەرا و هوریا
لە پۆپەی ئەم دارەوە بۆ پۆپەی ئەودار دەخزێن.
بێدەنگ لەهەوای ناسکتر لە هەنووکە
وەکوو پۆلی پەرەستو،
لەترۆپکی ئەم چیاوە،
بۆ ترۆپکی ئەوچیا هەڵدەفڕن،
سنووری دەستکرد دەبەزێنن
تا دەگەنە ئەوپەڕی پێدەشتی بەرین
لەوێ، کردارەکانمان لە سەرمان دەکەون
وەک ڕۆژ ڕوونە، لە بەرانبەر
هیچ کەس، بێجگە لە خۆمان.

## ٨ - پەیوەندی

بڕوانە ئەو دارە بۆزە،
ئاسمان لە توێکڵەکانییەوە
باریوەتە خوارێ، بۆ سەرزەوی.
کەنگێ خاک خواردیەوە
تەنیا ئاسمانی ژاکاو ماوەتەوە.
فەزای دزراو لە بۆریا ڕیشەگەلی
پێکەوە چنراو دەبێتە سەوزئایی.
کورتە چاوتروکانی ئازادی،
لە دەرونی خۆمانەوە هەڵدەچێ.
لە خوێنی خواژنی ئەفسانەوە
دەگەڕێ و بەرەو پێش دەچێ.

## ٩- بەیان و هاتن

مەلی ماسیخۆر، کاپیتانی هەتاوە،
و لەسەر ئاو، ڕێی خۆی دەبڕێ.
ئێشتا دنیا، لە زیندە خەودایە
وەکوو بەردی هەمەڕەنگ لە ئاودا
ڕۆژێکی لە پەسن نەهاتوو
ڕۆژگەلێک - وەکوو نیشانەی نووسینی
نەتەوەی «ئازتێک»
موزیکە،
و من کەوتوومە داو،
لە هەمبەر نیگاری گۆبلەنێک،
بەباڵی بەربڵاویەوە،
شێوەکاری چینی جووتیار و پاڵەیە.

## ١٠ ـ خوڕی کەپۆی گەمی

لە خوڕەی کەپۆی گەمیدا حەسانەوە، هەیە
بەیانیکی زستانی پێ دەحەسێن،
چۆن ئەم گۆی زەوییە دەگەوزنێ.
جەرەیانی هەوا لە نادیارەوە،
خرمە خرم دیواری خانووەکە دەکوتی.

بزووتنەوەی بەسەرچوو،
لە ڕەشماڵی پشوودانەدا،
لە تارمایی زستانەوە،
و ئەو سکانە شاراوەیە
لە ئامرازی مووزیکی شاراودا
و پۆلە مەلی کۆچەر،
چەهچەهەیان بەرزدەبێتەوە.
وەکوو ئەوە وایە کە،
لە ژێر داری «زیزفۆن»ی بڵندا وێستابی
گرمەی باڵی دەیان هەزار حەشەرە
بە سەر سەرتەوە بێ.

## ١١ - ڕۆژ و شەو ئاوەژوو

مرۆچەی دارستان بێ جووڵە پاسەوانە،

لە هیچەوە، دەڕوانێ بۆ نێوهیچ

لە تارمایی چڵوچێودا،

بەبێ ترپە پووچی دەبیسرێ

و ئەو ویزە ویزی شەوانەیە،

لە قوڵایی دۆڵی باریکی هاویندا

دارکاژی دڕکاوی،

وەکوو عەقرەبەی کاتژمێر وێستاوە

مرۆچە لە سێبەری چیادا ئەدرەوشێتەوە

هەراوهوریای مەل،

و سەرئەنجام واگۆنی هەور،

بە ئارامی دەس بە سووڕان دەکا.

## هەڵبژاردە لە نەهێنی لەڕێدا

### ١٢ - خانووی سوێدی

خانووی سوێدی تەنیا کەوتون
جەنگەڵی پەشێوی کاژی ڕەش
و هاڵاوی تریفەی مانگەشەو،
لێرەدا کۆخی کێڵگە ڕۆچووە
وا، خۆیایە کە گیانی تێدانەبێ.
کەنگێ شەونمی بەیانی داباری،
پیرێک، بە دەستی لەرزۆک،
پەنجێرەکەی ئاواڵە دەکاتەوە
و کوندەبوویێک بەڕەڵا دەکا.
لە کەشو هەوایێکی دیکەدا
خانووی نوێساز وێستاون
و هەڵماین لێ هەڵدەستێ
پەپوولە، لەگرێی مەلافەی شۆراو، و
بە تەنافەوە گرێدراو باڵەفڕەیانە.
لە نێوەڕاستی جەنگەڵی وشکەڵاتودا
لەوێ، قالۆنچەی توێکڵخۆر،
لەچاویلکەی شلیەی داروە
پرۆتۆکۆلی تێکرزانی دارستان دەخوێننەوە.
هاوین، بە بارانی قژهاورێشمیەوە،
یان تەنیا هەورە برووسکەیێک
بە سەر سەگێکەوە کە دەوەڕێ!

تووی چەکەرە هێناو، پاڵ بەخاکەوە دەنێ.
دەنگی توورە لە سیمی تەلەفۆندا دەزرێ
نێوچاوانی گرژ،
بە تیژباڵی لە ئاوچووە،
لە سەرەوەی زەوی و زۆنگ.
خانوو لە دوورگەی رووباردا
لە سەر بنچینەی بەردچن هەڵچنراون
کاغەزی نەهێنی دارستان دەسووتێنن
باران لە ئاسمانەوە بائەداتەوە
رووناکی لوولی رووبارە
خانوو لە لێژایدا پاسەوانی،
جووتێ گای یەختەکراون
بەر تاڤگەی سپیدەوە
پایز و پۆلی سێروو،
گزینگی بەیانیان مات کردووە
مرۆڤ ناسروشتی دەجولێنەوە
وەکوو شەوقی گڵۆپی شانۆ،
لێیانگەڕێ با بەباڵی شاردراوەوە
بێ دڵەخورپە پێ بحەسێن
کە چۆن وزەی خوای زاڵ
لە تاریکیدا پێچراوەتەوە

## ١٣- گۆرانی بانان

ئەو پیاوە کە بەگۆرانی بانان بێدربوو
بەیانی، بارانی مانگی گوڵان،
هێشتا شار خەڵوەتە
وەکوو کۆخی نێو جێلەوڕ
شەقامەکانیش خامۆشن
و لە ئاسمانی شین و سەوزدا
موتۆڕی فڕۆکەیێک گەرمە گرمیەتی،
پەنجێرەش ئاواڵەیە
خەونی ئەوکەسە،
کە لەوێ خەوتووە، شەفاف دەبێ.
خەوتوو ڕادەچڵکێ و ڕادەبێ،
بەلۆقە دەکەوێ،
لە کەرەسەیێک دەگەڕێ
سەرنجی نزیک دەبێ بۆ ئاسمان.

## ١٤ ـ تابلۆی کەشوهەوا

دەریای خەڵەزلۆوەر،
بە باڵپشتی خۆیەوە لە تراویلکەدا،
بە ساردی بریقە ئەداتەوە.
هیچ نەماوە کە لە بیر بمێنێ
پێشبڕکێی پاپۆڕ ئاژووتن،
سەرگێژەیکی سپی بە دواوەیە.
ڕۆژانی کارەبایی بە سەر گوندەوە،
هەموو دەنگێگ بەئەسپایی هەڵدەفڕن.
سەری سەگێک بە خەتی«هیرۆگلیف»
نیگار کراوە لەهەواد،
بەسەر باخی بەرماڵانەوە دیارە.
لەوێ میوەی زەرد، فێڵ لە دار دەکەن،
ماوە بە خۆیان ئەدەن کە بەربنەوە

## ١٥ ـ نەهێنی لەڕێدا

ڕۆشنایی ڕۆژ ڕوخساری کەسێکی پێکا،
کە خەوتبوو
خەوتوو خەونێکەی هاروهاجتری بینی
کەچی بەخەبەر نەهات!
تاریکی سەروچاوی پیاوێکی پێکا،
کە لە نێو کەسانی دیکەدا،
لەبەر تیشکی بزۆزی خۆرەتاو، ڕۆیی.
لە پڕێکدا ڕێژنەی بارانێکی ڕەش داباری.
لەژوورێکدا وێستا بووم،
جێی هەموو چاوتروکانێکی تێدا دەبووەوە
لە یەک مووزەخانەی پەپوولە،
بەولەونەش خۆرەتاو لە جاران بەتەوژمتر بوو.
ئەوقەڵەم مووە بێ سەبرانە دنیای نەخشاند.

## ١٦ - ڕێچکە - ڕێل

کات دووی نیوەشەو، مانگەشەو،
شەمەندەفەرەکە لە نێوەڕاستی دەشتاییەکەدا وێستاوە.
لە ڕونگەیەکی ساردەوە،
بەبێ پرتەپرتی ڕۆشنای لە شارێکدا
کە مرۆڤ چووبەێتە خەونێکی قووڵەوە
هەرگیز لە بیری نەمێنێ، کە لەوێ بووە
ئەودەم بە گەڕێتەوە نێو ژوورەکەی
و کاتێک کەسێک،
تووشی نەخۆشێک بووبێ، ئەوندە قووڵ
ڕۆژەکانی بووبێتە پۆلێ لەرینەوەی چەن خاڵ،
سارد لە ڕوانگەیدا
شەمەندەفەر بە تەواوی وێستاوە
سەعات دوو
«مانگەشەو بەتین، چەن ئەستێرە»

## ١٧ ـ خوایە بەزەییک

ژیانم لە تاریکایدا،
جاربەجار چاوی هەڵێناوە
هەستێک وەک ئەوە کە ئاپۆرەی خەڵک،
موعجەزەئاسا بەشەقامەکاندا ڕاکێشێ
لە هەمان کاتدا نەدیار وێستاوم
وەک منداڵێک کە بەترسەوە خەو دەیباتەوە
گوێڕایەڵی ترپەی قورسی، هەنگاوی دڵیەتی
دەمێکی درێژ، درێژ،
تا بەیانی تیشکی داوێتە کلۆم،
و درگاکانی تاریکی دەکرێنەوە.

## ١٨ ـ دوای هێرشی فی

ئەو کوڕە نەخۆشە،

چاو بەمۆلەق وێستاوە،

زمانی وەکوو شاخ ڕەق بووە.

پشت لە تابلۆی جاڕەگەنمەکە، دانیشتووە

برین پچی دەوری شەویلکەی،

دەیخاتە بیری مۆمیایی کردنەوە.

چاویلکەکانی ئەستوور،

وەکوو هی مەلەوان

هەموو شتێک بێ وەڵامە.

وەکوو زڕەی تەلەفۆن لە تاریکیدا

کەچی تابلۆکەی پشتەوە،

دیمەنێکە ئەهۆنی بەخش

لەگەڵ ئەوەشدا دانەوێلی باهۆزێکی زێڕینە،

ئاسمانی شین وێنەی گوڵەشینکەی

هەورێکی ڕەوەک لەوێ،

بەسەر فێنکە شینایی، زەردۆکەوە

چەن کراسی سپی، چارۆکە پاپۆڕن.

درووێنەوان هیچ سێبەرێک ناهاوێژن.

پیاوێک، لە جارەکەدا دوور وێستاوە.

وێدەچێ بڕوانێتە ئێرە

کڵاوڵێکی پان سەروچاوی شاردووەتەوە.

واخۆیا دەکا سەرنجی دابێتە ئەو سیما ڕەشە،

لەم وەتاقەدا، ڕەنگە بۆ یارمەتی.

تێبینی نەکراو،

تابلۆکە خەریکە هەراو دەبێتەوە.

لە پشت سەری نەخۆشەکەوە دەکرێتەوە.

نووقم بوو، بریسکەی دێ و دەکوتێ

هەر گوڵەگەنمێک داگیرساوە،

وەک ئەوەی کە ئەو بەخەبەر بێنێ.

پیاوەکەی دی لە جاڕەکەدا ئاماژە دەکا.

کابرا نزیک بووەتەوە، کەچی کەس نایبینێ!

## ١٩ ـ دوو دڵدار

لامپاکە دەکووژێننەوە،

پێش ئەوەی خامۆش بێ

مینا حەبێک لە کاسەی تاریکدا بتوێتەوە،

و دوایە هەڵچۆڕێ،

کوپە سپیەکای ئەدرەوشاوە.

دیواری هوتێلەکە لە تاریکیدا،

بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە

بزۆزی دڵداری ئەهۆن بووەتەوە

ئەوانیش لە خەوی شیرین دان

کەچی نەهێنی زەینیان یەک دەنگێون

هاودەم، دوو ڕەنگ ئاوێتەی یەکدەبن

چەشنی کاغەزیکی تەڕە

لە نگارکێشی کوڕە قوتابییەکدا

تاریکی و بێدەنگی زاڵن

شاریش ئەهۆن ڕاکشاوە

لە شەوەزەنگ و بێ دەنگییە

لەپڕ شارەکە وەجووڵە کەوت

خانووەکان دەرکەوتن و

پەنجێرەکان کوژاونەتەوە،

و نزیک لەیەکدی، دۆشداماون.

ئاپۆرەی خەڵکێک بە سیمای بێ ماناوە. . .

## ٢٠ ـ دار و ئاسمان

دارێک لە باران دا،
لەم دەوروبەرە دەگەڕێ
لە ژێر هەوری بۆز،
ولێزمەی باراندا
بەپەلە لە ئێمە تێدەپەڕێ.
دیارە کێشەیەکی هەیە.
ئەوەیە لە بارانەوە ژیان دەهێنێ
وەکوو ڕیشۆڵی لە نێو باخی میوەدا
کەنگێ باران خۆشی دەکاتەوە
دارەکەش دەوێستێ
بەبێ بزوە، لە شەوانی ڕووناکدا
ڕاستەوخۆ تروسکە تروسکی دێ
چاوەڕوان وەک ئێمە، بۆ چاولێکنانێک
تا دانار دانار بەفر لە فەزادا دەپشکوێ.

## ٢١ - ڕوخسار بە ڕوخسار

لە مانگی ڕێبەندان‌دا،
زیندوو ماوەکان، کش و ماتبوون
باڵندەکان بە دڵ هەڵنەفڕن،
و گیان وەکوو پاپۆڕێک دەسوێ
تا لەسەکۆی وێستان لەنگەری بگرێ
دارەکان پشت لێرە وێستا بوون
قورسایی بەفر بە کلۆشی پواو دەپێوری
شوێنپێ لە سەر توێژاڵە سەهۆڵ کۆن بوو
زمان لە ژێر کەوڵی دژبارانداا تواوە
ڕۆژێک شتێک هاتە بەر پەنجێرەکە
کارەکە پەکی کەوت.
سەرم هەڵێنا، ڕەنگەکان دەگەشانەوە
هەموو شتێک ڕووی خۆی وەرگێڕا
ئەردەکە و من بۆ لای یەک قەڵەمبازمان دا

## ٢٢ ـ زایەڵەی زەنگۆڵە

ڕیشۆڵەکە بە ئاوازی خۆی،
فووی لە ئێسکی مردووکان دەکرد.
ئێمە لەژێر دارێکدا وێستا بووین
هەستمان کرد بوو،
ڕۆژگارنووقم بێ و نووقم دە بوو
گۆڕستان و حەوشی خوێندنگە وێککەوتن
و لە یەکدا بەرین بوونەوە
وەک دوو خوڕاو لە دەریادا
زەنگی ناقۆسەکانی کلیسا،
گەییە شلکەی باڵی فڕۆکەی باسووڕە
«گلایدرە» ئەوانە بێ دەنگێکی گەورەیان
لە سەر زەوی بەجێ هێشت
هەنگاوی بە ئەسپایی دارێک،
هەنگاوی بە ئەسپایی دارێک،

## ٢٣ ـ بە نێو دارستاندا

ئەو شوێنە، پێی دەڵێن زۆنگی یاقوب
ژێرزەوی ڕۆژانی هاوینە
لەوێ ڕووناکی دەترشێ، و
دەبێتە خواردنەوەیک، کە
تامی کۆنی و وێرانی ئەدا.
دێوی بەدفەڕ کەمینیان داناوە
چڕی یەکدی ڕاوێستاون
هیچ شتێک ناتوانێ دەربازبێ
ئەوسپیدارە تێکشکاوە لەوێ دڕزێ
وەک هەڵوێستی وشکە دیندارێک
لە تەختی دارستانەوە سەردەکەوم
لە نێو کۆلکەدارەو ڕووناکی دەردەکەوێ
باران بە سەربانمدا دادەبارێ
من پلوسکێکم بۆ کارتێکردن
هەوای لێواری دارستان شلەتێنە
کاژە ئەستوورەکان بەلادا کەوتو،
ڕەشداگەڕاو لمۆزیان لە نەرمەخاکا
سێبەرەکە بە باران تێرئاو دەبێ.

## ٢٤ ـ خەزەڵوەری کاڵ

له ئاڵوگۆڕی خەزەڵوەردا
بەرگه بەرگنی ئەسڵ، به باێخه
هەنووکه ئاسمان ئەونده خۆڵەمێشییه
ئەرد بۆی هەیه ڕووناکی پێک بێنێ
سەوزه مێرگ شەرمێون،
لەگەڵ کێلگەی جاڕەجۆی نانبەخوێن هاوسێن

کادێن هەیه دیوارەکانی سووره
خاکی ژێر ئاویش هەیه،
له – ئاسیا ـ شالیزاره و بریقه ئەداتەوه
خاسخاسه بیریان دێتەو و
بۆ چینەکردن له وێ دەنیشنەوه.
له نێوەڕاستی دارستاندا،
تەم ومژ و نامۆیی، له سەرخۆ،
بۆ یەکدی دەزرنگێنەوه
سرووشی نەهێنی له زەیندا
وەکوو«نیلس داکه»* یاغی له جەنگەڵدا ڕادەکا.

## ٢٥ـ سەفەرێک

لە وێستگەی مێترۆ،

نێوان پۆستەرەکان تەنگەبەرە

بێمانایی لە ڕۆشنایەکی بێ گیاندا.

قەتارەکە هات

ڕوخسار و جانتای هێنا.

تاریکایی و دوایە.

مسافیرەکان دانیشتبووین

وەکوو پەیکەری تێکترنجاو

کە داکێشرابێتنە چاڵایی.

ناچاری، خولیا، ناچاری.

لە وێستگەگەلی ژێر ئاستی دەریا

پیاو نۆچەی تاریکاییان دەفرۆشت

مەردم لە هاتوچۆدا،

خەفەتبار،

بێدەنگ

لە ژێر تابلۆی کاتژمێرەکاندا

قەتارەکە لەگەڵ خۆی

گیان و جلوبەرگی دەبرد.

نیگاکان بۆ چوار تەنیشت

لەو سەفەرەدا لەڕێگە چیاوە

هێشتا هیچ نەگۆڕدرابوو.

بەڵام لە نزیک ڕووبەر

ویزەویزی هەنگەژاڵەی ئازادی دەستی پێکرد.

ئێمە لە ئەردی دابەزین

خاک جارێک باڵی لێک دا

و لە ژێر پێماندا ئەهۆن بووەوە

بەهەراوی و سەرسەوز.

گوڵە گەنم و دانەوێڵە

با بردنی بۆ سەرسەکۆکان

وێستگەی کۆتایی!

لەگەڵیان ڕۆیشتم،

تا ئەوبەری وێستگەکان

چەن کەس لەگەڵ بوون؟

چوار، پێنج، بە ئاستەم زیاتر.

خانوو، جادەکان، ئاسمان،

ڕوخی دەریای شین و چیاکان

پەنجێرکانی خۆیان ئاواڵە کرد.

## ٢٦ - هاوزەنگی زایەڵە

ئەودەمەی کە شۆڕەلاو،

لە جێژوانی دڵداری گەڕاوە و

بەرەو جادە شۆڕبوەوە،

بەفر بەدەم گژەباوە لوول دەبوو.

زستان داهاتبوو

هاودەم جووت دڵدار گەرمی ئامێزی یەکدی

شەوی سپی پڕشنگی داویشت

شۆڕەلاو شادمان، بەلەز ڕێگەی دەبڕی

شارەکە تەواو کەوتبووە لێژی

ڕاگوزەری لێو بەبزە،

لە پشت یەخەی هەڵدراوەوە.

ئازادی بوو

نیشانەی هەموو پرسیارێک

لە بارەی بوونی خواوە،

دەستیان کرد بە گۆرانی گوتن.

مووزیک ڕاپەڕی و بەلۆقە

خۆی لە گێژاوی بەفر ڕزگار کرد

هەموو شتێک کۆچی دەکرد بەرەو تونی«سێ»

جەمسەرنمایکی لەرزۆک، سیلەی لە «سێ» دەگرت

ساتێک بە ئازارەکاندا، ئاسان بوو

هەموویان لە پشت یەخەی هەڵدراوەوە بوون.

## ٢٧ـ توانەوەی

هەوای بارانە نامەکانی خۆی بەجێهشت

تەمرەکان وێنەی سکڵیئاور دەگەشانەوە

بەفرەکە دەبریسکاوە

کۆڵەبارەکان سووک بوون

یەک کیلۆ حەوتسەت گرام بوو، نە زیاتر.

لە دۆخکی هەم سارد و هەم گەرمدا،

ڕۆژ تا چاوهەتەرکا بەسەر سەهۆڵەوە دەفڕی

با ئەهۆن دەڕۆیی

مینا ئەوەی کالیسکەی منداڵێک لێبخوڕێ

دوای ماوەیەکی درێژ،

یەکەم جار، خاوخزان دەرکەوتن

چاویان بە ئاسمان هەڵێنا، شەوارە نەبوون.

ئێمەش گوێمان دابووە

هەوڵ بەشی چیرۆکێکی، زۆربەپێزی چیرۆک بێژێک.

پڕشنگی هەتاو بەسەرکڵاوە بەرگنەکانەوە نووسابوو

مینا تۆزی ئارد لە سەر باڵی هەنگەژاڵە

پڕشنگ قەتیسماوە بەسەرناوی زستانەوە،

تا زستان تێپەڕی

وێنەی شتی بێگیان و کۆتەدار لە بەفرەکەدا

بردمییە قووڵایی تێفکرینەوە

لە داربەڕووەکانم پرسی:«لەگەم دەگەڕنەوە بۆ مندایم؟

گوتیان:«بەڵێ»

لە نێودارەکانەوە ورتەورت،

بە زمانێکی تازە دەهاتە گوێ

پیتە دەنگدارەکانی شینی ئاسمانی بوون،

پیتە بێدەنگەکانشی لقی ڕەش

بەسرتە لەگەڵ بەفرەکە ئەدوان

کەچی فڕۆکەکان

لە داوێنی گرمە و نرکەی خۆیاندا چۆکی‌ان دابوو

بێدەنگی لە گۆی زەویدا بەهێزەوە گەشەی دەکرد.

## ٢٨ ـ دوورگەکان

کاتێ چاومان بە دوورگەکان کەوتەوە،
کەنگێ پاپۆڕەکە دێتە پێش، لە دەرەوە
ڕەگبارێک دێ و کوێری دکا
خڕۆکەجیوە لە سەر ئاو دەلەرزن
ئەودەم، بۆرشین خۆ قلزیاند.
کۆخەکانیش پڕن لە دەریا
دەزوولەیەک ڕۆشنایی لە تاریکی دالان دا
هەنگاوی سەنگین بۆ نهۆمی دووەم
سندووقگەل بە بزەی یەکدەستەوە
ئۆرکێسترێکی هندی بە مەنجەڵە مس
کۆرپەیەک تەوژمی شەپۆلە چاوەکانی
لە هەوادا دەسپێکی ونبوونی باران،
و هەنگەلەی دووکەڵە بە بانانەوە
هاودەمی پترومەزنترە لە خەون.
لە لێواری دەریا،
لەسەر دارتووسکای بێکەڵک،
ئافیشێک داکوتراوە،
لێی نووسراوە کابل
ئەو گسکەشارییە پیرە برووسکەی دێ
بۆ کەسێک کە بە باڵەفڕە دێ

لە پشت تاوێرەوە  کێڵگەی بە پیتەوە

ومەلترسێن بازگەی سنوورە،

کە ئاماژەی ڕەنگەکان بۆلای خۆی دەکا.

کەنگێ دوورگە دەستی دێنێ و

ڕۆشنایکی هەمیشە سەرسووڕهێنەر

دەرم دێنێ و لە خەفەت ڕزگارم دەکا.

## ٢٩ ـ لە چیاوە

لە سەرکێوەکە وێستاوم
ئاوڕێگای کەنداو دەبینم
پاپۆڕگەل لە ئاستی هاویندا پشوو ئەدەن
«ئێمە بە دەم خەوەوە دەڕۆین،
لە خۆوە بە دەربەستین»
ئەو پاپۆڕە سپیانە وا دەڵێن
ئێمە لە خانووی خەوتوەوە خۆ ئەدزینەوە
درگاکان لە سەر خۆ پێوە ئەدەین
کۆڕنش بۆ ئازادی دەبەین
ئەو پاپۆڕە سپیانە وادەڵێن

جارێکیان بینیم،
دنیا بە ویست و حەزەوە پاپۆر داژوی
تاک تاک پاپۆڕ و گەلەگەمی
ئێمەش ڕێبازمان هەمان ئاوڕێیە
کەچی ئێستا پڕش و بڵاوین
کەسمان هاودەم نییە
ئەو پاپۆڕە سپیانە وادەڵێن.

## ٣٠ ـ کۆشکی جێماو

چووینە ژوورەوە،
تەنیا هۆڵێکی گەورە
چۆڵ و بێدەنگ.
ڕووبەری ئەردەکەی
وەک سەهۆڵی پاخلیسکەی وەلانراوە
درگاکانی گاڵەدرا بوون
هەوایێکی خۆڵەمێشی
نیگاری ڕەنگاوڕەنگ بە دیوارەکانەوە.
مرۆڤ وێنەی بێگیانی دەبینی
کە لەپێش چاو مێروولەی دەکرد
ئەوەی دەهاتە بەرچاو:
سپەر، تای تەرازوو، ماسی، و
تیمسالی پیاوئازایێک بوو.
لە هەمبەر دنیایێکی کڕولاڵ
پەیکەرێک لە دنیایێکی بێ مانادا،
لە نێوڕاستی هۆڵەکدا
تەنیا ئەسپێک وێستا بوو
کەچی ئێمە لەو دنیا بێمانایەدا،
سەرنجمان بۆلای نەکشا بوو.
لە شارەوە، دەنگ و هاور،
لاوازتر لە وژەوژ، لە سەدەفێکدا،

دەهاتە گوێ

لە گێژاوەی ئەو شوێنە چارەنووس سازەدا

بەخوڕ شوێنکەوتووی دەسەڵات

هەروەها شتێکی دیکەش،

شتێکی تاریک لە پێش چاومان دەرکەوت

پێنج پاگەردی پێش درگا،

بێ ئەوەی لێی تێپەڕین

لم، دەڕژایە شووشە بێدەنگەکانەوە

کاتی ئەوەی بوو تەکان لە خۆدەین

ڕۆیشتین بۆ لای ئەسپەکە

هەیکەلێکی مەزن وێکچووی ئاسنی ڕەش

وێنەیەک، وێنەی خۆدی دەسەڵات

پاشماوەی مەرگی میر و شازادە

ئەسپەکە کوتی:«من تاقانەم،

ئەو پووچییەی کە منی دەڕەتاند،

فڕێم دا

ئێرە ئیستەپڵی منە،

تێدا بەکاوخۆ گەشە دەکەم

من لێرەدا بێدەنگی کاوێژ دەکەم»

## ٣١ ـ لە دلتای «نیل» دا

لاوخاتوونێک، بە سەر خواردنەکەیدا گریا
دوای ڕۆژێک لەو شارە، لە هوتێلەکەدا،
خاتوون چەن نەخۆشی هاتە بەرچاو
نەخۆش بە گاگۆلکە جێگۆڕ دەبوون
منداڵانیش دەبوو لە تەنگانەدا بمرن
لەوێ، مرۆڤ ئاویان دێنا،
بۆئەوەی پیسایی بەربەست بکەن
خاتوون و مێردەکەی چوونە ژووری خەو
لە سەر تەختی خەو،
خەوێکی قوڵ چاوی خاتوونی داگرت
پیاوەکە ڕاکشا، بەڵام خەوی لێی تۆرابوو
لە تاریکاییدا، ئاژیرێکی پڕدەنگ تێپەڕی
وژەوژ، تەپەی پێ، هاوار و گۆرانی،
چاوەکان وەرچەرخان.
خەڵکی لەبەر تەنگانە ڕایان دەکرد
ئەودۆخە، هەرگیز ڕاوێستانی نەبوو
پیاوەکە چەماوە، گرمۆڵە خەو بردییەوە
لە خەو و نیوەخەودا، خەونی دەبینی
لە خەونیدا لە سەفەری دەریا بوو
لە ئاوی لیخناو، جوولانەوە پەیدا بوو
کەسێک هەیە «خێرخوازە»

دەنگک کوتی:

«کەسک هەیە دەتوانێ هەموو شتێک ببینێ

ئەو کەسە ڕقی لە هیچکەس نییە»

## ٣٢- مەلەوانكی ڕەش سیما

باسی نیگارێکی بەرلە مێژوو دەکەم
لەسەر تاشەبەردێک لە وڵاتی«سەحرا»
مەلەوانێکی ڕەش سیما،
لە ڕووباری لەمێژینەدا،
لاو دەهاتە بەرچاو
بێ چەک و بەبێ پلانکی درێژماوە
بەبێ تاڵووکە، یان حەسانەوە
لە سێبەرەکەی خۆی جیا ببوەوە
لەسەروی تۆفانەوە دەخزی بۆ بناوان
مەلەوان تێدەکۆشی خۆی ڕزگارکا
لە وێنەیکی سەوزی خەواڵوودا
دەیەوێ بە لێواری وشکانی بگا و
لەگەڵ سێبەرەکەی خۆی یەککەوێ

## ٣٣ - ویرەویر و گازەندە

نووسەر پێنووسەکەی وەلانا،
پێنووس لەسەر مێزەکە ئەهۆنی گرت
و لە بۆشایدا پشووی ئەدا.
نووسەر دیسان قەڵەمەکەی وەلانا
و لە ڕادەبەدەر تێڕاما.
نە ئەوە بتوانێ بنووسێ،
نە ئەوە بێدەنگی لێبکا
وا، وێدەچوو بەهۆی ڕووداوێکەوە
کە لە دوور ڕووی دابێ،
لە پەلوپۆ کەوتبێ
سەرەڕای تەپەی ئەو هەگبە ڕەنگینەی،
کە وێنا، ترپەی پێی ئاوێتەی ترپەی دڵ دەبوو
لە دەرەوەی پێش هاوین،
لە سەوزەلانییەوە،
فیکە فیک دەهاتە گوێی.
جا، فیکەی مرۆڤ یان مەلی کێوی؟
داربلاڵووک لە گوڵکردندا،
چەپڵە بۆ لۆرییە گەڕاوەکان لێ ئەدن
حەوتوو دوای حەوتوو تێدەپەڕێ
شەوێکی هێدی دادێ
پێوەرەکان لە چوارگۆشەیەکدا دەوێستن

بروسکەی ڕەنگبروسکاو بۆ گەردوون دەنێرن.

## ٣٤ ـ موزیکی گیانبزوێن

دوای ڕۆژێکی ڕەش«هایدن»دەژەنم
تەزووی گەرما، کەمتین بە دەستەکانمدا دێ
پەنجەکلیلەکان دەیانەوێ
نەرمە چەکوش دەیکوتن
زایەڵەیێکی سەوزە، گاسەر بزۆز گا هێدی
**زایەڵە دەڵێ ئازادی هەیە.**
کەس باج بە قەیسەر نادا.
دەستەکانم لە گیرفانی هایدنەکەم دەنم
ئارام دەڕوانمە دنیا
و لاسایی کەسک دەکەمەوە
ئاڵای هایدن هەڵدەکەم، مانای ئەوەیە
**«ئێمە ئاشتیخوازین، بەڵام کۆڵنادەین»**
موزیک خانووێکی شووشەییە، لە لێژایدا
لەوێ بەردەکان دەفڕن
بەردەکان لوول دەبن.
دیسان بەردەکان لوول دەبن بۆ ئەوبەر
کەچی چاوەی پەنجێرەکان دەمێنن.

## ٣٥ ـ ئاسمانی نیوەتەواو

دڵساردی واز لە کێبڕکێی خۆی دێنێ
دڵەڕاوکێش مەودای خۆی دەپسێنێ
سیسارک کۆچەکەی خۆی تەواو ناکا
ئەو تیشکە بوێرە بەرەو پێش بڵاو دەبێتەوە
تەنانەت تارماییش قومێکی لێ دەخواتەوە
نیگارەکانی ئێمە وێنەی سوور ئاژەڵ
لە ئاتلییەی سەهۆبەنداندا دەکەونە بەر ڕۆژ
هەموو شتک دەڕوانتە دەرەوی خۆی
ئێمەش بەسەدان ساڵ لە ژێر خۆردا دەڕۆین
هەر مرۆڤێک درگایکی نیوە کراوەیە
ڕەوەک هەموومان بۆ شوێنێک دەڕۆین
ئەم زەوییە تاهەتایە لە ژێر پێماندایە
ئاو لە نێوان دارستانەوە شەوق ئەداتەوە
گۆلاوی مەنگیش پەنجێرەێکە لە ڕوخ دنیا

## ٣٦ ـ شەوێکی زستان

باهۆز دەم بە خانووەکەوە دەنێ
فووی لێدەکا تا ئاهەنگی لێ هەستێ
دەڵپەرۆش دەخەوم،
ئەم شان و ئەوشان دەکەم
چاو لێکدەنێم و مەتنی باهۆز دەخوێنمەوە،
کەچی چاوی منداڵان لە تاریکیدا گەورەن
باهۆز لە گوێیاندا بۆڵە بۆڵیەتی
هەردووکیان حەزیان لە گڵۆپی چەرخانە
هەردووکیان لە نیوەی ڕێدان بەرەو زمانکە
باهۆزەکە دەست و باڵی منداڵانەیە
کاروانەکە لۆقە دەکا بەرەو «لاپلاند»
خانووەکە کۆئەستێرەی خۆی دەناسێ
بزمارڕێژی دیوارەکان پێکەوە ڕادەگرێ
شەو بەسەر ئەردی ئێمەوە بێچرکەیە
(لەوێ هەموو هەنگاوەکان دەحەسێنەوە
وەک گەڵای نوقمبوو لە بەنداوێکدا)
کەچی لەدەرەوە شەو کێوییە
باهۆز جدیتر بە سەر جیهاندا دەگەڕێ
ئەویش دەم لە گیانی ئێمە دەنێن
و فووی لێدەکا کە ئاهەنگی لێ هەستێ
ئێمە لەوە دەترسین
کە باهۆز بەبێ مانایی ڕامانپێچێ

## هەڵبژادەی زایەڵە و شوێنەوار

### ٣٧ـ لێکدانەوەی پۆرترەیک

ئەمە پۆرترەی ئەو پیاوەیە کە دەمناسی
مام پیاو لای مێزەکەی دانیشتووە
ڕۆژنامەکەی هەڵداوەتەوە،
چاوەکانی لە پشت چاویلکەوە داکشاوە.
کۆت و شەرواڵەکەی بریقە ئەداتەوە
دیارە بە گەڵای سنەوبەر شۆردراوە
ڕوخسارێکی نیوەتەواوە، جێی باوەڕە
هەر بۆیەش،
مرۆڤ حەزدەکا لێی نزیک بێتەوە
یان بەڵکوو خۆی توشی کێشەیێک بکا
باوکی مام پیاو،
وەکوو ئاونگ دراو بەسەریدا دەباری
کەچی لەوێ هیچکەس بەسلامەت دەرنەچوو
مرۆڤ هەست بەوە دەکا،
بیرۆکەی بێگانە و نامۆ،
بە شەودا خۆی دەخزێنێتە کۆشکەکەوە
ڕۆژنامە ئەو پەپوولە چڵکنە گەورەیە،
سەندەڵی و مێز و ڕوخسار دەحەسێنێتەوە

ژیان لە کاتێکی بلووریندا وێستاوە

هەر لێگەڕێ با بەردەوام بێ

ئەوەی کە «من»ە

لە دەروونی مام پیاودا پشوو ئەدا

ئەوەیە ئەو هەستی پێدەکا،

هەربۆیە وادەژی کە هەیە

من چیم؟ جاربەجار،زۆر لەوپێش،

بۆ چەن چرکەیێک لێی نزیک بوومەوە

**من** چیم؟ **من** چیم؟ **من** چیم؟

بەڵام من هەرکە چاوم بە «**من**» کەوت

**من** ونبوو و کولانچکەیێک کراوە

لە ڕێگای ئەوکولانچکەوە

خۆم وەکوو ئالیس بەربوومەوە.

## ٣٨- لە یادداشتی ئەفریقاوە

لە تابلۆنیگاری «کۆنگۆییک» دا
کەسایەتییەکانی،
ناسک وەک پەڕی مێش دەبزوێنەو
وادەنوێنێ هێزی ئینسانییان لێ داگێرکراوە
لە پاساژێکی تەنگەبەردا،
لە نێوان دوو شێوە ژیاندا،
ئەوکەسەی بە ئاکام دەگات، ڕێگایێکی درێژی لەبەرە

مرۆڤێکی گەڕۆک ڕێی لێ وەن بوو،
لە نێوان کۆخی کێویدا
تووشی بوو بە تووش لاوپیاوێکەوە
نەیدەزانی، لاوپیاو میوانداری لێدەکا
یان وەک بارمتەێکی گوشار بۆ باجگیری
دوو دڵی دڕدۆگ و تووڕەی کرد،
بە سەرلێشێواوی لێکهەڵبڕان
ئۆروپایی لە ئۆتموبیل دوورناکەونەوە،
وادەزانن دایکیەتی

سیسرکەکان سەختن وەک ریشتەراش
ئۆتوموبیل بەرەو ماڵ داژوێت
بەزوویی تاریکایکی خۆش دادێ،
کە ئاگای لە جەلە چڵکنەکان دەبێ
خەو
ئەوکەسەی بە ئاکام دەگات، ڕێگاێکی درێژی لەبەرە
ئەوە ڕەنگە یارمەتی بکا، بە هێڵی مەلی کۆچەر؛
بۆ دەست لێدانەوەێک
ئەوە ڕنگە یارمەتی بکا،
کە ڕاستی لە نێو کتێب ئازادکەین
ئەوەی پێویستە کە بەردەوام بین

خوێندکار بەشەودا دەخوێنێ،
دەخوێنێ، دەخوێنێ کە خۆی ئازادکا
و دوای تاقیکاری دەبێتە پلیکانێک،
بۆ پیاوی دوای خۆی
لەم پاساژە تەنگەبەرەدا
ئەوکەسەی بە ئاکام دەگات، ڕێگاێکی درێژی لەبەرە.

## ٣٩ ـ لووتکە

لە باڵاخانەی ناسکە چنینیدا،
ئاسانسۆڕ بەهەناسەبڕکێ سەردەکەون
ئەمڕۆ ئەسفاڵتی شەقام گیان پڕووکێنە
نیشانەی هاتووچۆ چاویان داخستووە
هەرازی کوێستان بۆئاسمان کشاوە
لووتکەکان هیچ سێبەرێکیان نییە
ئێمە بۆ ڕاوی تۆ خۆ کێش دەکەین
لە نێوان هاوینەوە بەرەو سینەماسکۆپ
بەشەودا وەکوو پاپۆڕ لەنگەر دەگرین
بە چرای خامۆشەوە، بە مەودایەکی نێونجی
لە ڕاستییەوە، لەو کاتەدا خزمەتکارەکان
لە وشکانی پارکەکاندا، خەریکی دڵدارین.

## ٤٠- ڕێسای زستان

لەسەر تەختەکەم خەو بردمییەوە

لە سەرمادا لە خەو هەستام

بەیانی، دەمدەمانی چوار،

ئەودەم، لاقی خاوێن تاشراوی ژیان

سارد و سڕ هاتوچۆی دەکرد

لەگەڵ فڕینی پەڕەسێلکە خەو بردمییەوە

لە نێوان پۆلی هەڵودا لە خەو هەستام.

شەوقی چرای شەقام، سەهۆڵبەستەیە

سەهۆڵی جادەش ئەدرەوشێتەوە

مینا چەوری گۆشتە بەراز.

ئێرە ئەفریقا نییە،

ئێرە ئۆروپاش نییە،

ئێرە هیچ کوێیەک نییە، بیجگە لە ئێرە.

ئەوەی کە «منە» تەنیا وشەیە

لە زاری تاریکی دێسێمبەرەوە

چنگاڵی کۆک زوقم کەوتوو،

موزیکی خۆی دەژەنێ

زایەڵەێکی زۆر بڵاو دەکاتەوە.

لاخانووی کۆشک پیشانگەیە

لە تاریکیدا،

وەکوو شاشەی تەلەڤیزیون

رەنگ ئەداتەوە.

لە ژێر ئاسمانی تژی ئەستێرەدا وێستاوم

هەست دەکەم گەردوون لەژێر باڵتەکەمدا

بە گاگۆڵکێ دێتە ژوورەوە

و دەڕواتە دەرێ

مینای بچێتە شارە مێروولەوە.

سێ داربەڕووی ڕەش، لە بەفر و بۆراندا

زۆر ئەستوور، کەچی دەستڕەنگین!

لە بوتڵی بەهێزی ئەوانەوە،

دەڕژێنە سەوزەکەفی بەهارییەوە.

ئۆتۆبووسێک بە کۆمە کۆم،

لە ئێوارەی زستانەوە

ڕووناکی بەڵاو دەکاتەوە

وەکوو گەمی لەجەنگەڵی سنەوبەردا

لەوێ، جادە تەنگەبەرە

وەکوو قوڵایی کاناڵی مەرگ.

چەن ڕێبوارێک،

چەن کەسێکی بە ساڵدا چوو،

چەن نەفەرێک، زۆر جحێڵ

ئەگەر بمانایەنەوە،

چرای شەقامەکانیش بکوژایانەوە

ڕەنگ بوو، هەموو دنیا خاپوور بێ.

## ٤١ - پۆلی مەلی بەربەیان

ئۆتۆمبیلەکەم لە خەو ڕادەکەم
شووشەکانی بە گەردەی گوڵ و گیا داپۆشراون
چاویلکەی بەرگریخۆر دەنێمە بەر چاوەم
تاریکی بەسەر جریوەی باڵندەکاندا دەکشێ
هەر لەودەمەدا،
لەوبەری وێستگەی قەتار
پیاوێکی دی،
لە نزیک واگۆنێکی باری،
لەبەر ژەنگ سوور هەڵگەڕاو
کە پرتەپرتییە لە بەر خۆرەتاو
دوودڵ پیاسەدەکا
**لێرەدا هیچ بۆشاییک نییە**
کەچی، لە گەرمای بەهارەوە
لە کۆریدۆرێکی ساردەوە،
کەسێک بەتاڵوکە دێێ و سکاڵا دەکا،
کە گۆیا، بوختانیان پێکردوە،
تا پەلەی لێژنەی سەرۆکایەتی
بۆیان تێچاندووە
لە هەرێمەوە،

قلەباسکەیێک دەفڕێ

و شوێنەوارێک بەجێ دەڵێ

لە دیمەنی ڕێدەربازی پشتەوە

بە فڕکە فڕک دێتە ژوورەوە

ڕەش و سپی،

«لە ئەفسانەدا باڵندەیێکی پیرۆزە»*

هاودەم،

تۆکاێک، بە باڵەفڕێ

نیگارێک دەنەخشێنێ

تا هەموو شت دەکاتە سیاپۆش

بێجگە لە جەلەسپییەکان بە تەنافەوە

سەیرە،

خوێندنی مەلان کۆڕی سامفۆنیای

پالسترنیا پێک دێنێ*

**لێرەدا هیچ بۆشاییک نییە**

ئای چەن خۆشە هەست بکەی

هۆنراوەکانت گەشە دەکەن

لە دەمێکدا خۆت وێکدێتەوە

هۆنراوەکانم گەشە دەکەن،

جێگا بەخۆم لێژ دەکەن

بە پاڵە پەستێ

لە هێلانەکەم وەدەرم دەنێن

هۆنراوەکانم پێگەیشتوون، گەیون.

*قشقەڕە بەڵەکە لە میتۆلۆژی سکاندیناویدا، بە پیرۆز دەزانن.

** گیوڤانی پیەڕ لئیوچی داپالسترینا-Giovanni Pierluigi da Palestrina ( ۱۵۹۴ -۱۵۲۵)
ئاهنگساز ئیتالیایی موسیقی مذهبی دورۀ رنسانس بود.

## ٤٢ – تەنیایی

ئا لێرەدا بوو،
ئێوارەیێکی مانگی ڕێبەندان؛
لەوەانە بوو تەمەنم تەواوبێ.

جادە خلیسک بوو،
ماشێنەکە خزی بۆ ئەوبەری جادە
ماشێنی دی کە لەوبەر دەهاتن،
چاو لەبەر چراکانیان بەشەوارە دەکەوت.

ناوم، کچەکانم، کارەکەم،
ڕەهابوون و لە بیرم نەمان
دوایە، بێدەنگی بەسەر هەوادا کشا
و زۆر دوور بەجێما
نەناسراو، وێنەی کوڕێک
لە حەساری خوێندنگە،
کە خێڵی دژمن گەمارۆی دابێ.

ترافیکی هەمبەر ڕۆشنایێکی زۆری
بەڵاو دەکردەوە

شەوقی چراکان ئەیدا لە چاوم
لەم بەر دەمئاژووت، دەمئاژووت
تا بەخۆنەزان لەڕەوت کەوتم
لە ڕوونگوزەری سامناکەوە
نوور مینا سپێنی هێلکە دەپرژا
جێگایێکم بەرکەوت هەراو وەکوو
خانوی مەزنی نەخۆشخانەکان
پیاو دەیتوانی ڕاوێستێ و پشوو بدات

پێش ئەوەی وردوخاش بم،
یارمەتی گەیشت!
لەوەدابوو بنکەێک دەرکەوت
تەپۆڵکێک لە خیز و لم،
هەورەبانێکی بەرجەستە
ماشێن دەرباز بوو، ڕزگار
خزا بۆئەم بەری جادە،
لەبەرئەستونێک تەواو وێستا
وێنا زایەڵەێکی تیژ،
لە تاریکیدا، لە زەین ونبوو.

من لە شانەکەمدا مامەوە

بە چاوی خۆم دیم کەسێک
لە بارنی بەفرەوە هات.
دەیویست بزانی چم بەسەر هاتووە

ماوەیێکی زۆر هاتم و چووم
ئەوبەری ڕۆژهەڵات سەهۆڵ بەستە،
هیچ کەسێکیش بەدینەدەکرا
لە بەشەکانی دیکەی دنیا،
کەسانێکی دیش هەن:
لە دایک دەبن، دەژین، دەمرن
لە جێگایێکی پڕ خەڵکدا
کە دایمە بەرچاو بێ
لە نێوان پۆلی هەنگەژاڵەدا
دەبێ سیمایێکی تایبەت نیشان بدەی
سەروچاوت داپۆشرابێ بە قوڕولیتە
پۆل پۆل بەرز و نزم دەبێتەو
لە دەمێکدا
ئاسمان، سێبەرەکان، تەپۆڵکی خیزولم
دابەشدەکەن

من دەبێ تەنیا بم

دە دەقیقە دانیبەیانی

دە دەقیقە دانیدوانیوەڕۆ

بەبێ هەیچ بەرنامەێک

هەمووکەس، هەمووشتێک، لە نۆبەدایە

زۆربە، یان تاک.

## ٤٣ ـ لە دەوروبەری کاردا

لە جەنگەی کارەکەدا،

کێویانە تاسەی ڕووەکی کێوی دەکەین

لە کاکی بە کاکیکدا خۆدەبینیەوە

تەنیا لەڕێگەی سیمی ڕووتی تەلەفۆنەوە

دەتوانین خۆمان بەسەپێنینە

ناوەندی دنیای شارستانییەت

***

هەیڤی کاتی ئازاد،

بە قورسای و کۆیەوە؛

لە دەوری گۆی کار دەگەڕێ.

بۆ؟ چونکە ئەوان وایان دەوێ

ئەوکاتەی بەرەومال دەبینەوە

خاک گوێ شل دەکا، و

- ژێر زەویش-

لەڕێگای لاسکە پەرێزەوە

گوێمان بۆ دەگرێ

***

دیارە، لە ڕۆژانی کاریشدا،

حەسانەوەیکی کەسانە هەیە

لە نێوکەوشەنی دووکەڵاویشدا

کاناڵێکی دەرباز بوون هەیە

چاوەڕوان نەکراو

لە نێوەڕاستی ترافیکدا،

پاپۆڕێک خۆدەنوێنێ

-یان لە دوای فابریکەوە-

دەخزێ بەرەوبەر

سپیی پێستێکی ئاوارە، بەرەو نادیار

***

ڕۆژێکەی یەکشەممە،

بەلای باڵەخانەێکی ڕەنگ نەکراودا تێدەپەڕم

لە هەمبەر تراویلکەوە، خۆڵەمێشی وێستاوە

-نیوە تەواو-

کەچی دارەکان بەهەمان ڕەنگ ڕۆشنن

وەکوو پێستی یەکێک، کە مەلە دەکا

***

لەدەرەوە،

بەبێ لامپەکان،

شەوانی سێپتێمبر تەواو ڕەشن

چاوەکان ڕادێن،

تۆزێک ڕووناکی بەسەر خاکدا دەکشێ

شەیتانۆکەی زەلام دەخزن بەرەوپێش

قارچک فراوان هەڵدەتۆقن

هەر وەکوو ئەستێرەکان لە فەزادا.

## ٤٤ ـ دوای مردنی کەسێک

واهات، وابوو کە جارێکی
تاسانێکی بێڕەنگ
ئەستێرەیێکی درەوشاوە
کلەکەیێکی درێژی دوای خۆی بەجێهێشت
ئەم تاسەیە ئێمەش لە خۆ دەگرێ
سیمای«تیڤی»کانیش لێڵ دەکا
شوێنی زوقمەدلۆپی لولەی هەواکێش
خۆنەزان بەجێ دێلێ
***
مرۆڤ دەتوانی هێشتاش،
بەرەو پێش بخوشێ،
لە بەر خۆرەتاوی زستانیدا
لە نێوان قلەمستانی پارەکەدا
بە نێوان گەڵای لە لق بەجێماودا،
«کەهەرلە لاپەڕەی دڕاوی کاتەلۆگی ناوی ئابونکراواندا»
دەچی کە سەرما هەڵیلووشیون.
***
دیارە هێشتا جێگای دڵخۆشییە،
مرۆڤ هەست بکا دڵی لێدەدا
کەچی زۆرجار هەستدەکەی،

سێبەرەکەت لە خودی خۆت واقیعیترە
سامۆڕایی بێمانایە، لە چاو
سەلاحپۆشی هەژدیهای پەنای، پەنای.

## ٤٥ ـ هاوینی ڕووت

پیاو سەیر و سەمەرەی زۆر دیوە
واقعیەت «مۆرەی» بۆ کەسێک زۆر هەڵداوە
کەچی، لێرە هاوین لە کۆتایی دایە.

فڕۆکەخانەیکی گەورە
-ڕێوەبەری ترافیک-
بارەتەرم، دوای بارەتەرم دادەگرێ،
مرۆڤی سەهۆڵبەستە،
لە فەزاوە.

مێرگەچیمەن و جارەگوڵ
-ئەلێرە دەنیشمەوە-
چیمەنەکە بەرپرسێکی سەوزی هەیە
خۆم ناونوس دەکەم!

## ٤٦. ڕێژنە بەسەر وڵاتەوە

باران ماشێنەکان چەکوشکاری دەکا
هەور دەگرمێنێ و برووسکە داوێ
ترافیک درەنگ تێپەڕدەبێ
لە هاوینەڕۆژدا گڵۆپەکانی شەقام دایسێن.

دووکەڵ بە لولەی سۆبەدا لول دەبێ
هەموو زندەوەر کووڕدەبنەوە، چاولێکدەنێن
بزووتنەوەێکی دەروونی، ژیان بەهێزتردەکا.

ماشێنەکە نیوەکوێرە، مامپیاو دەوێستێ،
هەمانکات شۆلاوگەی باران لوزوە دەبەستێ،
مامپیاو ئاورێکی کەسانە دادەگرسێنێ،
و سیگارێک دەکێش.

لێرە، لەم ڕێچکە جەنگەڵیەدا
پێچ دانەوە بۆ ئەو بەری ڕێگا،
لە نزیک گۆلاوێک پڕلە نێرگزەئاوی
چیاێکی درێژ و بڵند لە باراندا وندەبێ.
ئەم بەردە قەبرانە لە سەر ئەم دوندە

دەگەڕێتەوە بۆ تافی ئاسن دۆزینەوە،
شوێنی نەبەردی هۆزگەل بووە
لە «کۆنگۆیکی» ساردتر لە ئەمڕۆ.

خەتەر مرۆڤ و ئاژەڵی ماڵی یەک دەخا
تا نێوەڕاستی دیواری بەردچن
لە پشتی بێشە و گاشەبەردەوە
تا ترۆپکی چیا و داوێنی نشیو.

لە نسێەیکی تاریکدا،
شتێکی نالەبار دەبزوێتەوە،
لە هەورازی قەڵغان بەپشتەوە
لە هەمانکاتا، ماشێن وێستاوە،
مام پیاو بیر دەکاتەوە

وڵات ڕووناک دەبێتەوە،
مام پیاو شووشەی ماشێنەکەی دائەداتەوە
باڵندەێک لە ژێر نەرمە باران دا،
بلوێر دەژەنێ،
کەچی تەنیا بیسەریش هەر خۆیەتی.

ڕووبەری دەریا وێکهاتووە،
ئاسمان بە چپەوە، تژی هەورەبروسکەیە
لە لاپەڕەی نێرگزەئاوییەوە، تا قوڕوچڵپاو
پەنجەرەی دارستان هێدی دەکرێتەوە.

هەورەبروسکە ئارامی جەو دەشێوێنێ
زرمەێکی گوێکەڕکەر، دوایە بۆشایی
لەوێ دواین دڵۆپەکان دەنیشنەوە.

لە بێدەنگیدا وەڵامێک بە گوێی مام پیاو دەگا
دوور، لە دوورە، جۆرە دەنگێکی منداڵانە
لە کێوکەژەوە، بۆڕە بۆڕ بەرز دەبێتەوە.

بۆڵە بۆڵێک، ئاوێتەی چەن دەنگ؛
دەنگی نووساوی شەیپوور، خاو
دوور، لە دەورانی ئاسنەوە-
یان- بەڵکوو لە ناخی مام پیاو خۆیەوە.

## ٤٧. لە ژێر گوشاردا

لە ئاسمانی شینەوە گرمەی موتۆر بەهێزە
ئێمەش لەسەر کارەکەمان دەلەرزین
کەچی لێرەدا، لە پڕیکدا،
قووڵایی دەریا خۆی دەنوێنێ
سەدەف و تەلەفۆن ویژە ویژیانە.

لەملەی ئەوبەر، مرۆڤ هەرئەوندە پێڕادەگا
تۆزێک جوانی و خۆشی تەماشابکا
لە جاڕەگەنمی بژوێن و چڕدا
شەپۆلی ڕەنگاوڕەنگ لە پەردەیێکی زەردەوە
سێبەرێکی دڵپەرۆش لە زەینی منەوە
خۆی بۆ پەردەکە ئەگوێزێتەوە
گەرەکیە لە گوڵەگەنمەوە،
خۆی وێکبێنێ و ببێتە شمشی زێڕ.
تاریکایی دادێ،
شەو شەق دەبێ،
دەخزێمە نێو نوێن

پاپۆڕێکی بچوک

لە زگی گەڵەگمییەکەوە دەێتەدەرێ

مرۆڤ هەست بە تەنیای نێو ئاودەکا

تارمایی پەیکەری کۆمەڵگە

بەرەو داهاتوێکی نادیار داژوێ.

## ٤٨. وەتاقی کراوە، وەتاقێکی داخراو

مام پیاو هەست بەوە دەکا،
لەسەر ئەم دنیایە،
لەگەڵ شوغڵەکەی خۆی وەکوو دەستەوانەی چەرم وایە
کەچی لە نێوەڕاستی ڕۆژدا،
دەستەوانەکانی لە دەست دەردێنێ؛ لەسەر رەفەکەی دادەنێ.
چەن چرکەێک پشوو ئەدا
سەیرە، کە دەستەوانەکان پان و هەراو دەبنەوە
دیوی نێوەوەی خانووەکە ڕش دادێنن.

ئەو خانووە ڕەش هەڵگەڕاوە،
لە نێوەڕاستی بای بەهارەوە هەڵکەوتووە
«بەخشین» سەوزەگیا بە سرتەوە دەڵێ: بەخشین
کوڕێک تەنافێکی نادیار بەدەستەوە،
بە لاڕێدا بەرەو ئاسمان دەفڕێ
لەوەێ خولیای بەرینی بۆ داهاتوو،
وەک دەمبادەوە هەڵدەفڕێ
گەورەتر لە شارۆچکەی، جەمسەری گەورەشار

دوورتر، بۆ لای باکوور،

لە یەک بەرزاییەوە،

پیاو دەبینێ فەرشی دارستانی سنەوبەر بێ بڕانەوەیە

لەوێ سێبەری هەور بێ بزوە وێستاون،

یان نا، دەفڕن بەرەوپێش .

## ٤٩. موزیکی ئەهۆن

دەگای خانووەکە داخراوە
خۆر لە شووشەی پەنجێرەکانەوە دیواژن بووە
و بەری سەرەوەی مێزەکانی هەڵقرچاندووە
کەچی مێزەکان، ئەوندە قایمن
کە قورسایی چارەنووی مرۆڤ هەڵگرن.

ئەمڕۆکە لە دەرەوەین
لەسەر سەرەوژێریێکی بڵند و بەریندا
زۆربەمان بەرگی ڕەشمان لەبەردایە
پیاو دەتوانێ لە بەرخۆر، خۆی هەڵخا و چاوی لێکنێ
و هەست بکا، چۆن بای بەهێز بەرەو دوور دەیبا.

من بەڕێکەوت خۆم دەگەیەنمە کەنارئاو
کەچی ئێستا ئەوە لێرەم، لەسەر گاشەبەردە
کە لەسەر پشتی ئاشتی وەستاوە
بەردەکان لە نێوان شەپۆلەکانەوە
بە ئاسپایی تلدەخۆن بەرەوپشتەوە.

## ٥٠ . چەن خولێک

ئەو سنەوبەرە درێژە لە زۆنگەکەدا،
پۆپەی خۆی بەرز ڕادەگرێ
یەک ڕەشە، پەڕۆێک
بەڵام ئەوەی مرۆڤ دەیبینێ،
هیچ نییە لەبارتەقای ڕەگ و ریشەدا
نەزمی ڕیشەیە.

ڕێگیراوێک، بەنەهێنی و گاگۆڵکەکردن
نەمر، یان ، نیوە مردوو،
من، تۆ، سارا، ئازاد،
بێ ئەوەی خۆمان بمانەوێ
لە دەرەوەی گەورەشاندا
لق لق و چڵ چڵ دەبین.

لە ئاسمانی شیرپەنگی هاوینەوە بارانێک دەبارێ!
هەست دەکەم پێنج ئەندامی هەستم،
ڕاگوێزراوەتە لەشی بونەوەرێکی دیکەوە
کەسێک کە سەرسەختانە دێت و دەچێ
وەک وەرزشکاری سپیپۆش لە دەوری مەیداندا
لەوێیە کە تاریکی دەزووڵەدەکا سەراوژێر.

## ٥١. پشووی مانگی گەلاوێژ

ئەوکەسەی لەژێر داری بڵندا،
لە سەر پشت ڕاکشێ؛
هاوکات لە بڵندایدایە.
ئەوکەسەی چۆڕ چۆڕ بتکێ
لە هەزاران چڵدا جۆلانە دەکا،
بەرەوپێش - بەرەودوا
دانیشتووی سەندەڵی بزوێن، وێنەێکە ڕەهادەبێ

ئەو کەسەی نزیک تەختە سەکۆ وێستاوە
بەچاوی نیوەبازەوە دەڕوانێتە کەنداو.
تەختەسەکۆکان زووتر لە مرۆڤ پیردەبن
ئەو ئالوارە بۆزنوقرەییە زگی پڕە لە بەردە
سەرسووڕهێنەر،
پڕشنگی ڕووناکی؛ تیشکداوێ تا کۆتای.

ئەوکەسەی لە پاپۆڕی ئاواڵەدا
ڕۆژەکەی بە سەفەر تێپەڕ دەکا
کەنداوەکان لەژێر پێیدا ئەدرەوشێنەوە.
گەرەکە لەکۆتایی لامپایکی شێندا بەخەوێ

هاودەم دوورگەکان کوور دەبنەوە

وێنەی پەپوولە، لەشەودا بەسەر شووشەکەوە.

## ٥٢. لەگەڵ ڕووبار

لە پشت ڕوخسارییانەوە،
هاودەم لەپەنای وتوبیسیانەوە؛
گوێم لە هاژەی مشار بوو.

ڕەوەندی ئاو سەرڕێژە و
ئەوەی دەیەوێ و نایەوێ،لەگەڵ خۆی بردی
سێڵاو چی بەرکەوێ بەتووڕەیی ڕایدەماڵێ

زیندەوەرچاویان دووبارە چەسپێنراوەتەوە
گەرکیانە لەگەڵ جەرەیان لە خوڕاوەوە
بەبێ لەرزین، خۆهەڵدەن بەرەوپێش
برسی و تووڕە، لە سادەیی بگەڕێن

هەموو ئاوی شەڕانی سەرنجڕاکێشە

لەو جێگایە کە چۆم باریک دەبێتەوە
ئاو هەڵدێر دەبێتە تاڤگە

له ئێوارەیێکی مانگی پووشپەڕدا
داوای سەفەرێک بە نێوجەنگەڵی وشەڵاتوودا
بۆحەسانەوە وچانم گرتبوو
گوێم نابوو بە ڕادیو تڕاسیستۆرەکەمەوە
دواین هەواڵ دەربارەی پردەکەی
ڕووباری لای کلیسای ڕاگەیاند؛
هەروەها:لە گوندی ئێمە چەن مرۆڤ نەماون
چەن بیرۆکە دوودڵیمی مەتەبڕکرد

دەڕوانم، لەژێر پردەهەواییکەوە،
لافاو هەمووشتێک دەرووخێنێ
ئاو لێرە ئەلوار دەهێنێ
چەن دار «ئەژدەر» بەڕێدەکەن، ڕاست بەرەوپێش
ئەوانی دی بەپێچەوانەوە دەچەرخێن
بە قورسی دەسووڕێن،
بەبێ یارمەتی بەرەو کوێ
بۆن بەکەناری ڕوبارەکەوە دەکەن
و بۆلای بەردی بێکەڵک بە تاڵۆکەن
ئەوانی دی بەسەریەکدا کەڵەکە دەبن،
وێنەی دەستی تێکهەڵپێکراو

لەهاژە و گرمەدا، بەبێ بزوە

لەلای پردەهەواییەکەوە،
لە پۆلی هەورە مێشوولەوە؛
گوێم لە هاژەی مشارە.

لەو لاشەوە چەن کوڕ
دوچەرخەکانیان لەچیمەندا نوقم بووە
تەنیا شاخیان بەدەرکەوت.

## لێواری مەڵبەند

پیاوان، بە جلوبەرگی یەکڕەنگی کارەوە؛
لە کەندەڵانەوە وەدەر دەکەوتن
ئەوێ گوزەری پەڕینەوەیە،
دۆخێکی نادیار؛ نە شارە نە لادێیە.

جەرسەقیلی خانووسازی، لە ئاسۆوە
دەیەوێ قەڵمبازێکی گەورە بدات؛
بەڵام کاتژمێرەکان نەیانگەرەکە.

بۆری چیمەنتۆ لە دەوروبەر فڕێدراو،
بە زمانی وشکەوە ڕووناکی دەلێسنەوە

ئەمباری دەغڵ و دانەوێڵە،
بوونەتە کارگەی سافکاری ماشێن

بەردەکان بەتیژی سێبەر داوێژنە سەر شت،
وادەنوێنێ کە دەگاتە لای گۆی هەیڤ
ئەو جێگایانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەبن

وەک ئەوەی پیاو

بە پارە و دراو بۆ «یەهودا»ی کڕیبێ

خاکی هەوڕگەری بوەتە گۆڕستان

بۆ گۆڕی غەریبە مردووەکان.

درێژەی هەیە...